# دادوەر رزگار محمەد ئەمین داخوازی وهەلوێستەکی گرنگی نواند.

**قادر نادر**

**2006/01/26**

دوای ئەوەی دادگایی سەدام و (7 )لەبەرپرسانی بەعس ,لەخولی یەکەم بەتاوانی کوشتاری بەکۆمەلی خەلکی دوجێل دەستی پێکرد , لەم ماوەیەدا( رزگارمحەمەد ئەمین ) کەدادوەری سەرەکی ئەم دادگایە بوو , توانی لەگەل هەستیارترین پەروەندی دادگایی ناوچەکە , وەک دادپەروەرێکی مۆدێرن مامەلە بکات , ئەمەش بووە هۆی ئەوەی رووبەرووی رەخنەیەکی بەرفراوان ببێتەوە بەتایبەتی لەلایەن هێزە سیاسیە شیعەکان.

دادوەرەکانی بەر لەروخانی رژێم ئەوەندەی رێزیان لەبریارەکانی دەسەلات گرتبوو , رێزیان بۆیاسا ودادپەروەری نەبووە , بۆیە کارێکی ئاسان نیە , بۆ دادوەرێک بیەوێت لەو جەنگەلستانە بێ یاسایەی تێیدا ژیابێت, رێز لە پیشەکەی خۆی بگرێت و هەولبدات سەرەتایەکی نوێ ی دادپەروەری لەدادگاکانی عێراق دروست بکات ,زۆر ئاساییە رووبەروی ئەم رەخنانە بێتەوە.

ئەمەش وای کرد دادوەر رزگار لەگەل زۆر بەرپرسی حکومەتی عێراق تووشی دەمەقالی بێت و هەندێ ووتەی ناشیرنی پێ بلێن , بەرامبەر ئەم رەفتارەش زۆر مەردانە رێزی لە خۆی و پیشەکەی گرت و دەست لەکارکێشانەوەی خۆی راگەیاند, ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لەزۆر لایەنی ترەوە داوای پاشگەزبوونەوەی لێ بکرێت کەلەئەنجامدا مەرجێکی گرنگ و زۆرجوانی دانا , ئەویش داوای لێبوردنی لێ بکرێت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە , چونکە دەسەلات سنوری خۆی بەزاندوەو دەستی لەکاری دادگا وەرداوە وسوکایەتی بە کەسێتی دادوەر کردوە .

دواتریش خودی مام جەلال هەولی دا پاشگەزی بکاتەوە لەمەشدا وەک گوێرایەلێکی سەرکردە خۆی نەنواندو رێزی لەبریاری تاکەکەسی خۆی گرت. (سەرکردایەتی کورد زۆربەی کاتەکان هەولی داوە تاکی کورد کەسایەتی خۆی نەبێت و گوێرایەلی سەرۆک بێت)

ئەم هەلوێستانەی( دادوەر رزگار) جوانترین هەلوێستە(ئەگەر هەروا بەردەوام بێت) چونکە سەرەتایەکی فێربوونی رێزگرتنی تاک و پیشەو دەزگاکانە لەبەرامبەر فشارو سوکایەتیەکانی دەسەلاتدا .

لەکاتێکدا رۆژنامەکانی دەسەلاتی کوردستان دان بە دادپەروەری دادوەر رزگار دادەنێن ,کە چی دادگاکانی کوردستان لە تەنگەژەیەکی گەورەی دادپەروەریدا دەژی , وەک لە دادگایی کردنی د کەمال سەید قادر دیتمان کە مێش کرا بەگامێش و دواتر ئەو گامێشەیان کردەوە بە مێش.

حەکیمی سەرکردایەتی سیاسی کورد لەوەدایە بەشێکی زۆری کادیری کورد لە بوارە جیاجیاکانەوە بۆ بە غدا دەنێرێت ! کەچی زۆر گرنگە لە کوردستان رۆلیان هەبێت.

دەبوایە لەگەل روخانی رژێمی بەعس ودەست بەکاربوونی یەکەم حکومەتی نوێی عێراق , سەرکردایەتی سیاسی کورد پێی لەسەر ئەوە دابگرتایە کە ئەم حکومەتە تا داوای لێ بوردن لە تاوانی جینۆسایدی کورد نەکات هیچ هەنگاوێک لەگەلی نەهاوێژێن, ئەمەش ببوایە پرنسیبێک لەمامەلەی سیاسیدا ,کەچی ئەمەشیان نەکرد.

ئێستاش هەلێکی گرنگە ئەم داخوازیە لە حکومەتی عێراق بکرێت لەکاتێکدا یادی تاوانەکانی هەلەبجەو ئەنفال نزیک بۆتەوە , خودی مام جەلالیش کە وەک سەرۆک کۆماری عێراق لاپەرەیەکی دێرین بۆ خۆی تۆمار دەکات ئەگەر ئەو هەلوێستە بنوێنێت.